# نەتەوە چییە؟ بەشی چوارەم و کۆتایی

**ئێرنێست ڕێنان**

**کۆنفرانسی سۆربۆن، ١١/٣/١٨٨٢**

**وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە:** پێنووس 28, 03, 2019

**سێیەم**

نەتەوە ڕوح و بنەمایەکی سۆزدارییە. بەڕاستی، ئەم دوو شتە دەبن بە یەك. ڕوح لە ڕابردوودایە، بنەمای سۆزداری لە کاتی ئێستادایە. ڕوح پێکهاتووە لە میراتێکی دەوڵەمەند لە یادگارییەکان کە هەمووان خاوەنی ئەم میراتەن؛ بنەمای سۆزداری واتە ڕەزامەندبوون بە کاتی ئێستا، واتە خولیای پێکەوەژیان، واتە ئیرادەیەکە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ئەو میراتەی کە ماوەتەوە نابێت دابەش بکرێت. بەڕێزان، مرۆڤ هەر لە خۆیەوە پەیدا نەبووە. نەتەوە هەروەک تاکەکان، بەرهەمی مێژوویێکی دوورودرێژە لە هەوڵدان، قوربانی و دڵسۆزی. بیروباوەڕی باوباپیرانمان لە هەموو شتەکان ڕەواتر بووە؛ ئێمە باوباپیرانمان دروستیان کردووین. مێژوویێکی ئازایانمان هەبووە، پیاوانی مەزن هەبوون، سەرکەوتنی تێدا تۆمارکراوە (سەرکەوتنە ڕاستەقینەکانم مەبەستە)؛ ئا ئەم سەرمایە کۆمەڵایەتییەیە کە بناغەی بیرۆکەی نەتەوەیە. هەبوونی سەرکەوتنە هاوبەشەکان لە ڕابردوودا، هەبوونی ئیرادەیەکی هاوبەش لە کاتی ئێستادا؛ کاری مەزنی هاوبەش ئەنجام درابێت، هەروەها کاری مەزنیتریش بەڕێوە بێت، ئا ئەمانەن مەرجە سەرەکییەکانی بوون بە "گەل"ن. تا ڕاددەیەك ئەو قوربانیدان و ئازارانەمان خۆش دەوێت. ماڵێک دروست دەکەین خۆشمان دەوێ، کەچی کاتێک ئەم ماڵە لە دوای خۆمان خاوەندارییەکەی دەگوازرێتەوە، پێمان خۆشە. ئەو گۆرانییەی سپارتە، زۆر بەسانایی سرودێکی کورتکراوەیە بۆ هەموو نیشتمانێك کە دەڵێت: "ئێمە ئەوەین کە ئێوە دروستتان کرد؛ لە داهاتوویشدا دەبینەوە بە ئێوە."

لە ڕابردوودا، یەک میراتی سەرکەوتن و پەشیمانیمان هەبوو کە دەبێت دابەشی بکەین، با لە داهاتوودا بەرنامەی هاوبەشمان هەبێت کە دەبێت بەدەستی بهێنین؛ پێکەوە ئازارمان چەشت، پێکەوە دڵخۆش بووین، پێکەوە هیوامان خواست. ئەم شتانەی سەرەوە، باشترن لە یەکخستنی گومرگ و باشترن لە سنوورەکان کە لەگەڵ هزرە ستراتیژییەکان بگونجێت؛ ئەم شتەیە کە ئێمە تێی دەگەین سەرەڕای جیاوازیی ڕەچەڵەکەکان و زمانەکان. پێشتر گوتم ئایا ئازارتان پێکەوە چەشتووە؟ بەڵێ، ئازارە هاوبەشەکان زیاتر لە خۆشییەکان خەڵك یەك دەخەن. سەبارەت بە یادگارییە نەتەوەیییەکان، خەمەکان باشترن لە سەرکەوتنەکان، چونکە سەرکەوتنەکان ئەرک دەسەپێنێت؛ خەمەکان یارمەتیی هەوڵ و تێکۆشانەکان دەدەن.

نەتەوە هاریکارییەکی مەزنە، لە ڕێگەی هەستی قوربانیدانەوە دروست دەبێت و پاڵنەرە بۆ ئەوەی زیاتر خۆت بەخت بکەیت. نەتەوە مێژوویێکی هەیە؛ نەتەوە لە ئێستادا کارێکی بەرجەستەیە کە ئەمانەن: ڕەزامەندی، ئارەزوویێکی ئاشکرا بۆ ئەوەی ژیان پێکەوە بەردەوام بێت. داوای لێبووردن دەکەم بۆ

بەکارهێنانی ئەو خەیاڵەتە، هەبوونی نەتەوە ڕیفراندۆمێکە هەموو ڕۆژێك دووبارە دەبێتەوە؛ هەروەکوو هەبوونی تاکەکان ئاماژەیەکی هەمیشەییە بۆ بەردەوامیی ژیان. ئەها! دەزانم ئەوە خەیاڵاتەی من وەکوو یاسا خوداییەکان نییە، دەزانم ئەم قسەیەم لە مافە مێژووییە باسکراوەکان توندتر نییە. لە زنجیرەی بیرکردنەوەمدا، نەتەوە ئەو پاشایەتییە نەماوە کە ماف بە خۆی بدات بە هەرێمێك بڵێت: "تۆ بەشێکی لە من و، دەتبەم." لە ڕوانگەی ئێمەوە، هەرێمێك بریتییە لە دانیشتووانەکەی؛ ئەو کەسەی مافی هەیە ڕاوێژی پێ بکرێت بریتییە لە دانیشتووانەکەی. نەتەوە هەرگیز گرنگی بەوە نادات هەرێمێك بۆ دەوڵەتێك زیاد بکات، یان بەبێ ڕەزامەندی، دەست بەسەر ناوچەیەکدا بگرێت. ئاواتی نەتەوەکان، بە هەموو شێوەیەك، تاکە پێوەری ڕەواییە؛ ئەو پێوەرەیە کە پێویستە هەردەم پەنای بۆ بەرین.

ئێمە ئایین و خەیاڵاتمان لەناو سیاسەتدا ڕاونا و بەدەر نا. باشە دوای ئەم شتانە، چی ماوەتەوە؟ ئەوەی کە ماوەتەوە، مرۆڤە، بە هەموو خولیاکانییەوەو بە هەموو پێویستییەکانییەوە. پێم دەڵێن لە کۆتاییدا، جیابوونەوە و پارچەپارچەبوونی نەتەوەکان دەرەنجامی ئەم سیستەمەیە؛ ئەم ڕێکخستنە دەخرێتە بەر هەڕەشەی (ئیرادە) کە دەرەنجامەکەی زۆر ڕوون نییە. گومانی تێدا نییە، هیچ بنەمایەك نابێت توندڕەویی تێدا بکرێت. ڕاستییەکەی، ئەم بابەتە لەسەر هەمووی و بە شێوەیەکی گشتی جێبەجێ ناکرێت. ئیرادەی مرۆڤەکان دەگۆڕێ؛ بەڵام چی هەیە نەگۆڕێت؟ نەتەوەکان شتێکی تاهەتایە نین. نەتەوە دەست پێ دەکەن و کۆتاییشیان پێ دێت. کۆنفیدراڵییەتی ئەورووپی، لەوانەیە جێی نەتەوەکان بگرێتەوە[1]. بەڵام لەم سەدەیەی ئێمەی تێدا دەژین، ڕوو نادات. لە کاتی ئێستادا، بوونی نەتەوەکان باشە و پێویستە. هەبوونی نەتەوەکان ئازادی دابین دەکات؛ لەوانەبوو ئەم ئازادییە لەدەست بچووبایە ئەگەر جیهان یەك یاسا و یەک دەسەڵاتی هەبووایە.

بە هۆی جیاوازییەکانەوە، کە هەندێکیان پێچەوانەی یەکترن، نەتەوەکان خزمەتی کارە هاوبەشەکانی شارستانی دەکەن؛ هەر نەتەوەیەك خاڵێك بۆ ئەو گەورە کۆنسێرتەی مرۆڤایەتی زیاد دەکات؛ ئەوە باڵاترین ڕاستییە کە پێی بگەین. کاتێك نەتەوەکان خۆیان جیا دەکەنەوە، لاواز دەبن. هەموو جارێك بە خۆم دەڵێم ئەمانە خراپترین مرۆڤەکانن: ئەو تاکەی کە خراپە بەڵام لە لایەن نەتەوەیەکەوە بە باشە لە قەڵەم دراوە؛ ئەو تاکەی نان بە سەرکەوتنە درۆییەکان دەخوات؛ ئەو کەسەی کە دڵپیس، لووتبەرز، شەڕانییە؛ ئەو کەسەی ئۆقرە ناگرێت و شەڕخوازە. بەڵام ئەم هەموو بێسەروبەرییە ون دەبن، کاتێك بەکۆمەڵ دەبن. ئای مرۆڤی هەژار، چەندە ئازارت چەشتووە! هێشتا کام تاقیکردنەوەی تر چاوەڕێت دەکات! ئای مرۆڤ، دەتوانیت دانایی بکەیتە ڕێبەری خۆت، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی مەترسییە بێژمارەکان ببیتەوە لەسەر ڕێگەی خۆت!

بەڕێزان پوختی دەکەمەوە. مرۆڤ نە کۆیلەی ڕەچەڵەکییەتی، نە کۆیلەی زمانەکەیەتی، نە کۆیلەی ئایینەکەی، نە کۆیلەی ڕێڕەوە ڕووبارەکان، نە کۆیلەی ئاراستەی زنجیرەی چیاکانە. کۆبوونەوەیەکی گەورەی مرۆڤەکان کە ڕۆحێکی پاک و دڵێکی گەرمیان هەبێت، دروستکەری ویژدانێکی ئەخلاقین کە ناوی دەنێین نەتەوە. هەتاوەکوو ئەو ویژدانە ئەخلاقییە، هێزی خۆی بە شێوەی قوربانیدان دەسەلمێنێت، هەروەها تاك بەلاوە[2] بنێت لە پێناوی کۆمەڵگەدا، ئەو ویژدانە ڕەوایە و مافی هەبوونی هەیە. ئەگەر دەربارەی سنوورەکانی ئەم کۆمەڵگەیە گومانێك هەبوو، ڕاوێژ بەو خەڵکە کێشەلەسەرە بکەن. ئەو خەڵکە مافی ئەوەیان هەیە کە ڕای خۆیان لەسەر ئەو پرسە دەربڕن. ئەمەیە کە جێی گاڵتەی سیاسەتمدارە باڵاکانە؛ ئەو کەسانەی کە نابێت کەس دەستیان لێ بدات، کەچی ئەوانەن ژیان هەر بەهەڵەدا دەبەن؛ ئەو کەسانە لە لووتکەوە بە بنەما باڵاکانیانەوە، بە چاوێکی گوناحەوە لە ئێمەی خاکی دەڕوانن. "ڕاوێژکردن بە گەلەکان، مەحاڵە! چەند گەمژەن! ئەوەیە بیرۆکە لاوازەکانی فەرەنسییەکان کە دیپلۆماسی و جەنگ وەلا دەنێن بۆ ڕێگەی سادەی

منداڵانە”[3].

چاوەڕێ بن بەڕێزان، با ئەو جۆرە سیاسەتمدارانە حکوومەتدارییەکەی خۆیان تێپەڕێنن؛ ئێمە بەرگەی لووتبەرزیی بەهێزەکان دەگرین. لەوانەیە دوای ئەزموونە شکستخواردووەکەیان، بگەڕێنەوە بۆ چارەسەرە خاکی و تاقیکارییەکەی ئێمە. دەبێت لە سەردەمی دواکەوتووەکاندا فێری شتەکان ببیت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بیرۆکەکانت ڕاست دەرچن.

**سەرچاوە:**

http://www.bmlisieux.com

[1]– ئێرنست ڕێنان لە سەدەی نۆزدە باسی پەیدابوونی “یەکێتیی ئەورووپا”، یان “کۆنفیدراڵییەتی ئەورووپی”ی کردووە. هەرچەندە دوو جەنگی جیهانییش لە ئەورووپا و لە دوای کۆچی ڕێنان ڕوویان داوە، کەچی لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەوە ئەورووپا بەرەو یەکێتی دەڕوا.

[2] مەبەستی بەرژوەندیی تاکەکەسییە.

[3]– نووسەر وەکوو ڕەخنەیەک و ڕستەیەکی گاڵتەئامێز ئاماژە بەو ڕستەیە دەدات.